
یادگەی بەهێز و چارەسەری لەبیرچوونەوە

چەند ڕاهێنان و کردارێکی پراکتیکی بۆ

بەهێزکردنی یادگە - چارەسەری لەبیرچوونەوە - چارەسەری بیربڵاوی و بێ سەرنجی



ڕاهێنەری نێودەوڵەتی

محەمەد سەلامە

شارەزای یادگە و یادەوەری

وەرگێڕانی: **هلال صابر**

20502

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library

له بلاوکراوه‌کانی خانه‌ی چاپ و پەخشی رەنما

زخیرە: (٧٩٨)



ناسنامەی کتێب

❖ ناوی کتێب: یادگەی بەهێز و چارەسەری لەبیرچوونەوە

❖ نووسینی: محەمەد سەلامە

❖ وەرگێڕانی: هلال صابر

❖ بابەت: دەروونزانی

❖ نەخشەسازی و بەرگ : فواد کەوڵۆسی

❖ نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

❖ ساڵی چاپ: ٢٠١٩

❖ شوێنی چاپ: چاپخانەی کەنج

❖ تیراژ: ١٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردن: (١٨٦٣)ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

ناونیشان:

سلێمانی، نێوان گەراجی عوسمانی تەمین و شوقەکانی تەکیە ڕووتە.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣)، (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی نوسەر

سوپاس بۆ ئەو خوایەی بەهۆی بەخششەکانی ئەوەوە کارە باشەکان تەواو دەبن، سوپاسێك کە شایستەبێ بە گەورەیی و مەزنایەتی خۆی و سوڵتانەکەی، سوپاسی بێ پایان بۆ هەموو نیعمەتەکانی کە یارمەتی دام بۆ تەواوکردنی ئەم کارەی وا لەبەر دەستی تۆدایە تا ببێتە ڕێبەرت بۆ ڕزگاربوون لە بیر سستی و (لەبیرچوونەوە) و پەرەپێدانی بەهرەکانی یادگە، بەرەو بەدەستهێنانی یادگەیەکی بەهێز و بیرێکی تیژ.

لەم کتێبەدا بایەخم بە هونەری لەبەرکردن و بەهێزکردنی یادگە بەشێوەیەکی گشتی داوە، وە بەتایبەتیش لەبەرکردنی ئەو شتانەی پەیوەستن بە کاروبارەکانی ژیانی ڕۆژانەوە، وەك لەبەرکردنی ئەرکەکانی کار، لیستە و ناوی کڕیارەکان، یان لەبەرکردنی کۆمەڵێك هەنگاو بە ڕێگەیەکی ڕێکوپێك و یەك لەدوای یەك بەبێ هەڵە و لەبیرچوونەوە، هەروەها بەشێوەیەکی بەرفراوان گرنگیم داوە بە تەکنیك و هەنگاوەکانی لەبەرکردنی ناو و ڕوخسارەکان، کە هەندێك جار بەهۆی لەبیرکردنی ناوی کەسانی ئاشنامانەوە، دووچاری شەرمەزاربوون و تەریقبوونەوە دەبین و ناوی ئەو کەسانە لەبیر دەکەین کە ماوەیەك لەوەبەر ناسیومانن یان پەیوەندیمان لەگەڵیان بەستووە. ئەم کتێبە ئەوەش لەخۆ دەگرێت کە چۆن سااڵژمێر و ڕۆژمێری زاینی ئەمسااڵ یان هەر سااڵێك کە مەبەستتە لەبەر دەکەیت،

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

فێرده‌بین چۆن به‌روار و کاتڕۆژی مه‌وعیده‌کانمان له‌بیرنه‌چێت، به له‌به‌رکردنی کۆمه‌ڵوشه (مفردات)ی زمانه بیانیه‌کان کۆتاییم پێ هێناوه.

ئه‌م کتێبه‌ی به‌رده‌ستت به‌وه جیاده‌کرێته‌وه که دانراوه بۆ ئه‌وه‌ی سه‌رچاوه‌یه‌کی ڕاسته‌قینه بێت بۆ په‌ره‌پێدانی یادگه و چاره‌سه‌ری له‌بیرچوونه‌وه، ده‌روازه‌یه‌کی جوانه بۆ هه‌بوونی یادگه‌یه‌کی به‌هێز و بیرێکی تیژ و ناسینی توانسته زۆره‌کانی عه‌قڵ، دوورنیه ڕۆژێك له ڕۆژان ئه‌م کتێبه ببێته یه‌کێك له گرنگترین سه‌رچاوه‌کانی په‌ره‌پێدانی یادگه، له‌به‌ر ئه‌و هه‌وڵه‌ی تێیدا دراوه و نیه‌تێکی پاك و پوخت له‌به‌ر خودا بۆ گه‌شه‌پێدانی گه‌له‌که‌مان و جیهانی ئیسلامی بۆ ئه‌وه‌ی بێداربینه‌وه و جێی خۆمان بگرین له‌نێوان نه‌ته‌وه‌کانی دیکه‌ی جیهاندا و ئه‌وانه‌ی که پێش ئێمه که‌وتوون له‌م بواره‌دا.

ئه‌توانم بڵێم ڕاهێنه‌ران ده‌توانن وه‌ك پرۆگرامێك به‌کاری بێنن، نه‌ك هه‌ر ته‌نها کتێبێك بێت به ته‌نها. چونکه درێخیم له‌وه نه‌کردووه به‌ته‌واوی خۆم ماندوو بکه بۆ پێشکه‌شکردنی ئه‌م په‌رتوکه له‌سه‌ر باشترین شێواز:

یه‌که‌م: له‌ترسی خودای گه‌وره که ده‌فه‌رموێت : ﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَا أَنزَلْنَا مِنَ الْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى مِن بَعْدِ مَا بَيَّنَّاهُ لِلنَّاسِ فِي الْكِتَابِ أُولَٰئِكَ يَلْعَنُهُمُ اللَّهُ وَيَلْعَنُهُمُ اللَّاعِنُونَ﴾ البقره:١٥٩. هه‌روه‌ها پێغه‌مبه‌ر – درودی خوای لێبێت– ده‌فه‌رموێت : " أَيُّمَا رَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ عِلْمًا فَكَتَمَهُ لَقِيَ اللَّهَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مُلَجَّمًا بِلِجَامٍ مِنْ نَارٍ[1]" واته: هه‌ر که‌سێك خودا زانستێکی پێ ببه‌خشێت و

---

[1] . الراوي: عبدالله بن مسعود المحدث: الألباني – المصدر: صحيح الجامع – الصفحة أو الرقم: ٢٧١٤ خلاصة حكم المحدث: صحيح.

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بیشارێتەوە، لەڕۆژی دواییدا کە دەبرێت بۆلای پەروەردگار لغاوی ئاگر دەکرێتە دەمی..

دووەم: لە خۆشەویستیم بۆ بلاوکردنەوەی زانست، چون پێغەمبەر پێغەمبەر – درودی خوای لێبێت– دەفەرموێت : " إذا مات الإنسان انقطع عنه عمله إلا من ثلاث: صدقة جارية ، و علم ينتفع به ، و ولد صالح يدعو له "[٢]، واتە: کاتێك مرۆڤ دەمرێت، هەموو کردەوەکانی کۆتاییان دێ، سێ کردەوە نەبێت: صەدەقەیەکی جاریە، زانستێکی سودبەخش، منداڵێکی سالح کە دوعای خێری بۆ بکات..

هەربۆیە منیش ئەم کتێبەم بەتایبەت و بەشێوەیەکی سادە و ئاسان بۆتۆ نوسیوە لەسەر شێوازی خولەکانی ڕاهێنەری، ئەوەش لەڕێگەی.

١– یەکگرتوویی و پێکەوەیی بیرۆکەکان و کارکردن لەگەڵ ئەم کتێبە بەشێوەیەکی شێنەیی و پلەبەندی لە ئاستێکەوە بۆ یەکێکی بەرزتر.

٢– دەوڵەمەند کراوە بە ڕاهێنانی پراکتیکیی و ڕۆژانە، لەبەر ئاسان جێبەجێکردنیان لە ژیانی ڕۆژانەماندا.

٣– قەبارەیەکی بچوك و سودێکی گەورە، کەبسولێکی چەوری زانیاریی و ستراتیژ و ڕاهێنانت لەبەردەستە و بە هەوڵێکی زۆرەوە زانیاریی و ستراتیژەکانم کۆکردۆتەوە و نوسیومە.

جگە لەوەش گرنگییەکی زۆرم بەم کتێبە داوە، بەشێوەیەکی پلە بەندی دامناوە، لە ئاستێکەوە دەتبات بەرەو ئاستێکی بەرزتر، تاکو دەگەیتە ئامانجی کتێبەکە، ئەزمون و شارەزایی خۆم لە ڕاهێنان و مەشقپێکردندا

---

[٢] . الراوي: أبو هريرة المحدث: الألباني – المصدر: صحيح الترمذي – الصفحة أو الرقم: ١٣٧٦ خلاصة حكم المحدث: صحيح.

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بەدرێژایی سالانێك تێدا بەکارهێناوە، تاکو بەڕێگایەکی ئاسان بێتە بەردەستت و بەچێژیش بێت لە شێوازی بەکارهێنانیدا، بەو نیازەی بتگەیەنێتە مەبەست و ئامانجەکەت، بۆیە پێویستە تۆش بە پلەبەندی و شێنەیی لەگەڵ کتێبەکە بڕۆیت بۆ ئەوپەڕی سودوەرگرتن لێی، تکاشم وایە بەشەکانی ناو کتێبەکە پێش نەخەیت بەسەریەکتردا و ڕیزبەندییەکەیان تێکنەدەیت، وادانراوە بەشێوەیەکی پلەبەندی و تەدریجی بەهرە و هونەرەکانت زیاد بکات، کە لە کۆتایی کتێبەکەدا پراکتیك و ڕاهێنانەکان سەرسامت دەکەن، بەڵام بەبێ تێپەڕین بەسەر ڕاهێنان و ستراتیژە جیاوازەکاندا بۆ پەرەپێدانی بەهرەی لەبەرکردن لەخۆتدا و چارەسەری بیرچوونەوە، کە لەوانەیە ئەوە ببێتە هۆی جۆرێك تێکشکان و تێنەگەیشتن، بۆیە پێویستە لەسەرەتاوە وریابیت و ئاگاداری ئەوەبیت هەنگاو بەهەنگاو بەدوای ڕیزبەندی کتێبەکەدا بچیت، ئینجا لەگەڵیدا هەست دەکەیت وەك ئەوەی لەیەکێك لە خولەکانی ڕاهێنانی تایبەت بە پەرەپێدانی یادگەدا بیت لەگەڵ... ئەم پەرتوکەی بەردەستت کتێبێك نیە تەنها بخوێندرێتەوە و بخرێتە ڕەفەی کتێبخانەکانەوە، بەڵکو لەگەڵ هەر پەڕە و ڕاهێنان و زانیارییەکدا کە دەیخوێنیتەوە — بەویستی خودا — بەهرەیەك لەتۆدا گەشە دەکات و گەورە دەبێت.

بۆیە جارێکی دی ئاگادارت دەکەمەوە کە ئەم کتێبە لەسەرەتایەوە تا کۆتایی بخوێنیتەوە بۆئەوەی یەك بەدوای یەك بیرۆکەکە بخوێنیتەوە، بە جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو ڕاهێنانانەی بۆ هەر ئاستێك دانراون.

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library